# دەقی دووەمی نامەیەک کە ناگات..!!

**توانا ئەمین**

**لەساڵی نوێی تەمەنی تۆدا......**

بیست ودووەمین ساڵی تەمەنت خۆشهات وبیست ودوو جار پیرۆزبایت لێدەکەم ,بیست و دوو هەزارجار بەختەوەری تۆم دەوێت.بیست و دووملێۆن جار پێت دەڵێم خۆشم ئەوێیت..ئەمشەو من لای تۆ ئەم یاددەکەمەوە.لەدیوی ئەمدیوی خەیاڵەوە دێم ولەدیوی ئەودیوی پەنجەرە بەرزەکانی ماڵەکەتەوە رەوانەم بکە .

من دێم ولەوێم بەناو پەردە خەت خەتەکەی پەنجەرەکەدا دێمە ژورێ بە ئەسپایی هەنگاو دەنێم و هۆڵە بچووکەکەت دەبرم, وەك هەمیشە نەوسنانە دەچمە چێشخانەکەت سەلاجە بچووکەکەت دەکەمەوە حەیفێ شیرینی تیانیە! من هەمیشە حەزم لەشیرینییە ,پێم سەیرە لەم جەژنەیا ئەم ماڵە بێ شیرینی بێت!!....

سەلاجەکە دائەخەمەوەو چاوم دەچێتە سەر قاپ و قاچاخەکەت لەناویانا پەرداخەکەم دەدۆزمەوە ئەو پەرداخەی نیوەی لای منەو نیوەی لای تۆ ,ئەینوسێنم بەسینگمەوەو ئەڵێم "من لەمەیا شەربەت دەخۆم" تۆ گوێت لێنییە دەنگم بەرزتر دەکەمەوەو تۆ بێ خەبەریت هاوار دەکەم و تۆ قسەکانم ناژنەفی ,بە قاتێ تراکسودی سەوز و رۆبێکەوە لەماڵەکەدا دێیت و دەچیت وەك ئەوەی شتێکت لێ ووبوبێت یا چاوەرێی کەسێك بیت !!....وادێیتە پێشچاوم گەرمات بێ رۆبەکەت دائەکەنی..لەقاتەکەتدا زیاتر هەست بەجەستەت دەکەم جوانتریت ,چێشخانەکە بەجێدێڵم و "چاوە زارە شینەکە " نابینم دێمەهۆڵکەت لەپەیکەری ئەو منداڵە دەروانم کە بەدیوارەکەوە هەڵت واسیوە ,بیرم دەکەوێتەوە ئــــــــــاهــــــــــ

ژوری نوستنەکەم نەبینی کەئەچمە ژورەوە کانتۆرەکەتم بەرچاو دەکەوێت ..دەمەوێ روخسەت بخوازم بەڵام تۆ نەگوێت لێمەو نە دەشم بینیت ناچار بێ روخسەت تاکی کانتۆرەکەت دەکەمەوە ..قاتەکانت ..چاکەتە زیرەییکە.. بلوسە کاکاوی‌و قاتەکابۆکەت ..پانتۆڵەکانت .. هەمووشتێك دەبینم تەنانەت ستیانەکانت کە هەڵت واسیون ,لەوماڵەدا هیچ شتێك ئاسەواری ئەوەی لەسەر نییە کەسێکی تری تیا بژی جگە لەسیسەمی نوستنەکە کە من نەمبینی یان نامەوێت بیبینم !!.....دواین شتی ئەو ژورە بێزام دەکات ,چاوەرێ ناکەم گوێم لەهەناسەکانی تۆو بۆنی عەترەکانی بەیانیت بێت .

لەسەرمێز تەوالێتەکەت قەڵەم لێوێکی گۆشتی هەڵدەگرم و ئەروانمە ئەو هێڵە وردانەی کە لەخشاندن بەلێوە تەنکەکانی تۆیا تیای دروست بووە ,هەر بەو قەڵەم لێوە دوودێر شیعر لەسەر ئاوێنەکە دەنوسم و ئیمزایەکی خۆم جێئەهێڵم .....دێمەوە هۆڵەکەو CDییەکی "نەریمانی بابان " دەخەمە سەر سیدیەکە و دەمەوێت بڵێم"بەتەنیا گوێگرتن لە نەریمان تامێکی هەیە و بەیەکەوە گوێگرتن تامێکی جیاواز تر" من چوومەتە ناو گۆرانیەکەی نەریمان وتۆش لە

تەنیشتمەوە دانیشتوویت زۆر نزیکی هەست بەگەرمی لەشت دەکەم,ناکاو ژورەکە جێئەهێڵیو پاش کەمێك بەکوپێك نیسکافەوە دێیتەوە لام وایە وتووتە " ئیتر ئێمە لەدوو کوپی جیاوازا ناخۆینەوە بەهەردوکمان کوپێکمان بەسە " لامەوە دانیشتویت و بەهێواشی لێوە تەنکەکانت دەخەیتە سەر لێوی کوپەکە قومێك و دوان دەخۆیتەوەو سەرەی من نایەت لەدڵی خۆما دەڵێم "جوولەکە دتەوێت دیقە دیقەم پێبکەیت " چەند قومێکی تر دوایی ئەهێنیێ بەنیسکافەکەو من هیچم لێنەخواردەوە .

وە ختێك کەئەزانم تۆ تائێستا منت نەبینیوە و ناشم بینی هەڵدەستم و لەپەنجەرەکەوە وون دەبم ,ئیتر یا ئەوەتا کەوتومەتە خوارەوە بۆ حەوشەکەو لەوێ مردووم یان لەگەڵ کۆترێك دا فریوم و لەو ئاسمانە لەباڵ دەدەم.

***بەهاری 2003***